NORTH DAKOTA
DEPARTMENT of HEALTH

# ☎کۆکەی دەنگی کەلـەشێر

## (کۆکە ڕەشە)

### ئایا کۆکە ڕەشە چیە ؟

کۆکە ڕەشە ( کە هەروەها پێی دەڵێن "کۆکەی دەنگی کەلـەشێر ") نەخۆشیەکی زۆر درمە کە پەیدا دەبێت بەهۆی بەکتریا . ئەم نەخۆشیە بریتیە لـە نەخۆشیەکی ڕێگە لـێگیراو بەهۆی کوتان کەوا بەشێوەیەکی ئاسایی بەسووکی تووشی ئەم منداڵ و گەورانە دەبن کەوا کوتراون بەڵام دەکرێت بەتوندی توشی منداڵی ساوا بێت.

### کۆکە ڕەشە مەترسی بۆ سەر کێ هەیە ؟

هەموو کەسێك تووشی کۆکەرە ڕەشە دەبێت ، بەڵام منداڵی بچووك ( کۆرپەلـە) و منداڵی نەکوتراو زیاتر تووشی کۆکە ڕەشە دەبن بەهۆی تووش بوونیان بە باری ئاڵۆزی زۆر توند بەهۆی کۆکە ڕەشە.

### نیشانەکانی کۆکە ڕەشە چین ؟

سێ قۆناغی کۆکە ڕەشە هەیە . قۆناغی یەکەم ( کە بۆ ماوەی هەفتەیەك بۆ دوو هەفتە دەخایەنێك) لـە شێوەی سەرما بوونێك دەست پێدەکات لـەگەڵ هاتنی چڵم لـەلووت و پژمین و تایەکی کەم و کۆکەیەك کەوا لـەسەر خۆ بەرەو زیاد بوون دەچێت. قۆناغی دووەم پێك دێت لـە چەند جارێك کۆکینێکی کۆنترۆڵ نەکراو ( پارۆکسیزم ) وە هەندێك جار دەنگێك لـەشێوەی دەنگی کەلـەشێر ( لـە منداڵی ساوا) کاتێك کەسەکە هەناسە وەردەگرێت . لـەماوەی چەند جارێك کۆکینی زۆر ، زۆر جار ئەم کەسە لـەوانەیە لـە کۆکین بوەستێت ، وەیان بڕشێتەوە وەیان ڕەنگی دەم و چاوی شین هەڵدەگەڕێت بەهۆی نەمانی هەوا. لـەماوەی جارەکانی کۆکین ، زۆر جار کەسەکە وا دیار دەکەوێت کەوا نەخۆش نیە . لـەوانەیە جارەکانی کۆکین زۆر خەراپ بێت بەشێوەیەك بەزحمەت بتوانرێت بخوات و بخواتەوە یان هەناسە بدات . لـەماوەی ئەم قۆناغە ، لـەوانەیە منداڵە ساواکان تەنها تووشی ئەپنیا ( نەمانی توانای هەناسەدان ) وە یان سیانۆسیس (پەڵەی شین لـە پێست دەردەکەوێت ) . لـەوانەیە ئەم قۆناغەی کۆکینە ماوەی شەش هەفتەیان زیاتر بخایەنێت . قۆناغی کۆتایی بریتیە لـەوەی کاتێك نیشانەکانی نەخۆشیەکە بەرە بەرە نامێنێت لـەماوەی چەند هەفتەیەك بۆ چەند مانگێك.

### ئایا نیشانەکان چەندخێرا بەدیار دەکەون ؟

ماوەی گرتنی نەخۆشیەکە و دەرکەوتنی نیشانەکانی بە شێوەیەکی ئاسایی 7 تا 10 ڕۆژ دەگرێتەوە بەڵام لـەوانەیە ماوەی 21 ڕۆژ بخایەنێت .

### ئایا کۆکە ڕەشە چۆن بلاۆدەبێـتەوە ؟

ئەم بەکتریایەی کەوادەبێتە هۆی کۆکە رەشە لـەناو لـووت و دەم و قورگ دەژێت وە دەچنە ناو هەوا لـەکاتی پژمینی کەسی نەخۆش یان کۆکە کردن یان قسە کردن . پاشان کەسانی نزیك لـە کەسی نەخۆش میکرۆبەکان هەڵدەمژن . منداڵی ساوا زۆر جار کۆکە ڕەشە دەگرن لـە منداڵی گەورەتر یان کەسانی پێگەیشتو.

.

### چ کاتێك وە بۆماوەی چەند کەسێك توانای بلاۆکردنەوەی نەخۆشیەکەی هەیە؟

کۆکە ڕەشە بریتیە لـەنەخۆشیەکی درم ( گیرەوە ) هەر لـەسەرەتای سەرهەڵدانی نیشانەکانی سەرمابوو ( پەسیو) تا دوای سێ هەفتە لـە دەست پێکردنی کۆکەکە.

### چۆن نەخۆشیەکە لـە کەسێك دەست نیشان دەکرێت ؟

بنکەی تەندروستی یان پزیشك دەتوانێت دەست نیشانی ئەم نەخۆشیە بکات بەهۆی وەرگرتنی نموونەیەکی چڵم لـەبەشی دوای لـووت . پاشان تاقی کردنەوەکانی تاقیگە ئەنجام دەدرێن لـەسەر نموونەکە . دەست نیشان کردنی نەخۆشی کۆکە ڕەشە کارێکی گرانە لـە گەورەکان و هەرزەکاران بەبێ تاقی کردنەوەی تاقیگە چونکە کۆکەرەشەکە خۆی وەکو هەوکردنی تووڕەگە هەواکانی سینگ نیشان دەدات لـەم تەمەنانە.

### چارەسەری ئەم نەخۆشیە چیە ؟

هیچ چارەسەرێك نیە بۆ کۆکە ڕەشە. لـەوانەیە منداڵە ساواکان پێویستیان بە مانەوە لـە نەخۆشخانەوە وەیان چاودێری زیاتر هەبێت . ماددەی دژە زیندەگی ( ئەنتیبایۆتیك ) یارمەتی بلاۆنەبوونەوەی نەخۆشیەکە دەدات و لـەوانەیە ببێتە هۆی کەم کردنەوەی توندی نەحۆشیەکە ئەگەر لـە قوناغێکی زووی تووش بوون بە نەخۆشیەکە بدرێت بەنەخۆشەکە . ئەنتیبایۆتیك ڕێگە لـە تووش بوونی خەڵك ناگرێت ئەگەر بەر ئەم نەخۆشیە کەوتن . ئەم کەسانەی کەوا دژە زیندەگیان



یەکسەر بەم ژمارە ئاگادار بکەوە: ☎800.472.2180
یان 701.328.2378

دواجار نوێکراوەتەوە : 05/06

(ئەنتیبایۆتیك) وەرگرتووە تەنها بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ دوای تەواو بوونی چارەسەر کردنەکە توانای گواستنەوە و گرتنەوەی هەیە . هەر کەسێك کەوا بەر کۆکە ڕەشە کەوتبێت دەبێت دژە زیندەگی (ئەنتیبایۆتیك) وەربگرێت بۆ ڕێگە گرتن لە بلاٌوکردنەوەی نەخۆشیەکە بۆ کەسانی تر ئەگەر تووشی نەخۆشیەکە بێت ، هەتاکوا ئەگەر کوترابیشن . سەرەڕای ئەوەی کە یارمەتی دەدات لە وەرگرتنی برێکی زۆر لە حەسانەوە و شلە .

**ئایا پێشتر تووش بوون بەکۆکەڕەشەکە دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر تووش نەبیتەوە؟**
نەخێر . دەکرێت کەسێك دووبارە تووشی کۆکەرەکە ڕەشە بێتەوە ئەگەر پێشتر تووشی ئەم نەخۆشیە بوو بێـت . بەلاٌم دیار نیە ئاخۆ تووش نەبوونەوە بە کۆکەڕەشە چەند دەخایەنێت .

**ئایا دەبێت منداڵ یان کەسانی تر دادەنرێن لە چاودێری ڕۆژانە ، قوتابخانە ، کار یان چالاکی تر ئەگەر کۆکەڕەشەیان هەبێت ؟**

بەلٌێ . دەبێت ئەم کەسانەی کەوا تووشی کۆکە ڕەشە بوونە جیا بکرێنەوە لە چوونە چالاکیەکان تا کاتی تەواو بوونی پێنج ڕۆژی چارەسەر کردن بە دژەزیندەگی ( ئەنتیبایۆتیك ) . دەبێت ئەم کەسانەی کەوا تووشی کۆکە ڕەشە بوونە و دژە زیندەگیان ( ئەنتیبایۆتیك ) وەرنەگرتووە بۆ ماوەی 21 ڕۆژ جیابکرێنەوە دوای دەست پێکردنی کۆکەکە . هەروەها دەبێت کەسێك کەوا کۆکەیەکی هەبێت و نیشانەی بوونی حالەتەکانی کۆکەڕەشە بێت جیا بکرێتەوە لە چوونە چالاکیەکان تا دوای کاتی تەواو بوونی پێنج ڕۆژی چارەسەر کردن بە دژەزیندەگی ( ئەنتیبایۆتیك ) .

**ئایا چی دەتوانرێت بکرێت بۆ ڕێگە گرتن لە بلاٌوبوونەوەی نەخۆشی کۆکە ڕەشە ؟**

هەندێك ڤاکسین هەیە بۆ ڕێگە گرتن لە کۆکەڕەشە . ڤاکسینی ( کوتان) منداڵان دەدرێت لەکاتی بوونی نەخۆشی دەردەکۆپان و دەفتریا بەهەمان ڕێژەی ژەم ( کە پێی دەوترێت DTaP) . پێنج ژەم لە ڤاکسینەکە دەدرێت لە زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەك کەوا لە تەمەنی دوو مانگی دەست پێدەکات ، کە پێویستن بۆ پاراستنی منداڵەکە لە نەخۆشی کۆکە ڕەشە . ئەم ڤاکسینە کاریگەر دەبێت لە زۆربەی منداڵەکان بەلاٌم کاریگەریەکەی نامێنێت دوا چەندینساڵ. ڤاکسینی منداڵانی DTaP نادرێت بەم منداڵانەی کەوا تەمەنیان 7 ساڵە وەیان گەورەترە . یاسای وویلایەتی داکۆتای باکوور لە سەر هەموو ئەم منداڵانە پێویست دەکات بکوترێن کاتێك کەوا لە کاتێکی زوو دەچنە بنکەکانی منداڵان و قوتابخانە . هەروەها ڤاکسینی کۆکەڕەشە لە گەورە و هەرزەکاران دەدرێت لەکاتی بوونی نەخۆشی دەردەکۆپان و دەفتریا ( Tdap) . بە باش دەزانرێت کەوا هەرزەکاران ژەمێك لە Tdap وەربگرن لە تەمەنی 11 بۆ 12 ساڵی بۆ پاراستنی خۆیان لە دژی کۆکە ڕەشە . هەروەها دەبێت گەورەکانیش Tdap وەربگرن .

هەروەها لەوانەیە دەست شووشتن بەشێوەیەکی ڕۆتین (بەردەوام)  ڕێگە بگرێت لە بلاٌوبوونەوەی کۆکە ڕەشە.

**زانیاری زیاتر** : زانیاری زیاتر دەست دەکەوێت لە سایتی www.ndhealth.gov/disease یان بەهۆی تەلەفۆن کردن بە بەشی تەندروستی باکووری داکۆتا بە ژمارەی 800.472.2180.

**ئەم نەخۆشیە دەبێت لەکاتی سەرهەلٌدانی دەزگا بەرپرسەکان ئاگادار بکرێنەوە . هەروەك کەوا پێویست کراوە لەلایەن یاسای باکووری داکۆتا ، دەبێت بەشی تەندروستی باکووی داکۆتا ئاگادار بکرێتەوە لەکاتی سەرهەلٌدانی هەر جۆرێك لەم نەخۆشیە .**

سەرچاوەکان : American Academy of Pediatrics. [Pertussis]. In: Pickering LK, ed. *Red Book: 2003 Report of the Committee on Infectious Diseases.* 26th ed. Elk Grove Village, IL: American Academy of Pediatrics; 2003: 472-486.

NORTH DAKOTA
DEPARTMENT *of* HEALTH